# کەرنەڤاڵی گۆرانی نەتەوەکان




یەکێک لە چالاکیەکانی ناوەندی کایسای نێودەوڵەتیی لە فینلاند سازدانی پێشبڕکێیەکی گۆرانی‌یە بۆ هەموو ئارەزومەندان و گۆرانی بێژانی پەناهەندە و نەتەوە جیاکان ، بە پێی بەرنامەی ڤیستیڤاڵەکە گۆرانیبێژان دابەش کراون بەسەر چوار گروپدا ، گروپی لاتین ، گروپی ئەفریقا ، گروپی ئاسیا ، گروپی عەرەب ، شایەنی وتنە ژمارەیەک لە هونەرمەندان و گۆرانی بێژان و ئارەزومەندانی کوردیش بەشداریان کردوە و ، بەسەر هەریەک لە گروپەکانی ئاسیایی و عەرەبی دا دابەشکراون ...

هەر گروپە لە بەروارێکی دیاری کراودا لە هۆڵی ناوەندی کایسا بابەتەکانی خۆیان لەبەردەم لیژنەیەکی پسپۆری هەڵسەنگێنەر پێشکەشدەکەن و راستەوخۆ لە یەکێک لە رادیۆ ناوخۆیەکانەوە پەخش دەکرێت ، دواتریش لە لایەن ئەو لیژنەیە و خەڵکانی ئامادەبووەوە دەنگ بە سەرکەوتوترین گۆرانی دەدرێت و، خاڵ دەبەخشرێتە بەشداربوان .

ئەوەی شایەنی وتنە لە گروپی ئاسیا 33 بەشداربوو ناوی تۆمار کردوە و بەرواری 02.02. کاتژمێر 19_22 واتە بۆ ماوەی 3 کاتژمێر پێشبڕکێ ی ئەم گروپە بەردەوام دەبێت ، پاشان بەرواری2007.02.03 واتە رۆژی دواتر کاتژمێر 19_22 گروپی عەرەب بەرهەمەکانی خۆیان دەخەنەڕوو، بەهەمان شێوە کورد لەم گروپەشا بەشدارە.

شایەنی وتنە کە پێشبڕکێکە بە چەند قۆناغێکدا گوزەر دەکات ، وە تا دواهەمین بەشی پێشبڕکێکە بە 3 قۆناغدا تێپەڕدەکات .

گروپەکان براوەیان لێوە هەڵدەبژێردرێت ، لە هەر گروپێک 5 بەشداربوو دەچێتە قۆناغی دوو ، قۆناغی دووهەم لەو 5 بەشدار بووە 2 بەشدار سەردەکەوێت بۆ خولی کۆتایی ، لە قۆناغی سێهەم و کۆتایدا کە لە 05.05 دا لە کاتژمێر 17_23

پێشکەشدەکرێت  براوەی هەر چوار گروپەکە کە هەشت بەشدار دەبن دوایین بەرهەمی خۆیان پێشکەشدەکەن و پاشان یەکەم و دوهەم و سێهەمی پێشبڕکێکە دیاری دەکرێت ، و خەڵات بەسەریاندا دابەش دەکرێت .
زمانی بەشداری کردن ئازادە و وە بەشداربوو خۆی ئازادە لە هەڵبژاردنی ئەو گۆرانیەی دەیڵێت .

شایەنی وتنە هەفتەی رابوردو 19و20 .01 قۆناغی یەکەمی هەردوو گروپی ئەفریقا و لاتین کۆتای هات وسەرەنجام لە هەر گروپە 5 بەشدار بۆ قۆناغی دوەم سەرکەوتن .
مەبەست لەم پێشبڕکیە زیادکردنی گیانی لێکترنزیکبونەوەی کلتورەکانە و هەوڵێکیشە بۆ هەنەرمەندان و ئارەزومەندانی بیانیی دانیشتووی فینلاند کە ئاستی بەهرەمەندی خۆیان تاقی بکەنەوە .
لەسەرجەم قۆناغەکاندا خەڵک بۆی هەیە دەنگ بدات بەو گۆرانیبێژەی کە دەیەوێت و حەز بە دەنگی دەکات.
زانیاری زیاتر
قۆناغەکان:
قۆناغی یەکەم
19.01 گروپی لاتین
20.01 گروپی ئەفریقیا
02.02 گروپی ئاسیا ( کوردیش لەم گروپەدا بەشدارە )
03.02 گروپی عەرەب ( هەروەها کورد لێرەش بەشدارە )
قۆناغی دووەم
16.02 براوەکانی گروپی لاتین
23.03 براوەکانی گروپی عەرەب
05.04 براوەکانی گروپی ئاسیا
20.04 براوەکانی گروپی ئەفریقیا
قۆناغی سێهەم و فیناڵ
05.05
بلیت :

- هەموو ڕۆژەکانی قۆناغی یەکەم بێ بەرامبەرن و هاتن بۆ هەموانە
- قۆناغی دوەم بلیت 5 €
- قۆناغی سێهەم و فیناڵ 15 €

شوێن: ناوەندی کایسا Mikonkatu 17 C یان Vuorikatu 14
بۆ زانیاری زیاتر www.ourvision.fi